www.kurdistannet.org
30-5-2006 19:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆزگە لەلیستی (قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ) دا دەبووم... مەریوان نەقشبەندی

بڵاوکردنەوەی فایلی (قەڵەمەکانی شەری ناوخۆ) هەنگاوێکی سەرنجراکێش و جێگای دەستخۆشیە ئەگەرچی هێشتا ژمارەیەك ماوە ناویان داخل بکرێت و نازانم ئاخۆ (گۆڤاری لیڤین) یەکلایەنە ویستوێتی هەندێك لەو نووسەرانە عەفو بکات؟ یان بەهەر هۆکارێك لەبیرکراون، دیارە مەبەستم ئەوە نییە جارێکی دیکە برینی شەری ناوخۆ بکولێنمەوە بەڵام کاتێك ئەو لیستەم سەیرکرد کە بە قەڵەمەکانیان بەشداری شەری ناوخۆیان کردوە لەدڵی خۆمدا گوتم خۆزگە منیش لەو لیستەدا بومایە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ئەو ناوانەی کە بە نوقسانی لە فایلی (قەڵەمەکانی شەری ناوخۆ) دا هاتون ئێستا نەك هەر مێش میوانیان نییە بەڵکو سیاسەتی ئێستا و ئایندەی ئەم وڵاتە دادەرێژن و خۆیان کردۆتە پاڵەوانی شاشەی تەلەفزیۆنەکان و مانشێتی رۆژنامەکان و بگرە ئێستا خۆیان راگەیاندنی کوردی بەرێوە دەبەن و رەنگە خۆشیان بە مەلائیکە بزانن و ئێمە بە گێرەشێوێن و نامەسئوول. ئەوانەی ناویان لەو لیستەدا هاتووە بەشێکی هەستیار لە مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی پارتی و یەکێتی پێکدەهێنن و رەنگە پەشیمانیش نەبن لەو نووسینانەیان کە کێشەی کوردی بۆ چەندین ساڵ دواخست و بەربەستی گەورەبوون لەبەردەم ئارامی و سەقامگیری هەمەلایەنەی هەرێمی کوردستان، بەبۆچوونی من هەندێك لە قەڵەمەکانی شەری ناوخۆ بەقەدەر قەڵەمی بەعسیەکان زیانی بە میللەتی کورد و کێشەکەی گەیاندوە و دەبوو ئێستا ئەو قەڵەمانە لەدەرەوەی دەسەڵات بوونایە و تەنانەت لەدەرەوەی کوردستانیش بوونایە، ئێستا دەزانم بۆچی یەکخستنەوەی ئیدارە ئەوەندە زەحمەت بوو، دڵنیاشم ئەو قەڵەمانەی شەری ناوخۆ هەر بەربەست دەبن لەبەردەم سەرکەوتنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان و بەدوای بچوکترین هەلدا دەگەرێن تا گەورەترین کێشە و ناکۆکی لێدروست بکەن، پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ هەر بریارێکدا، لەگەڵ ئیمزاکردنی هەر رێنماییەکدا چاوێك بەلیستی قەڵەمەکانی شەری ناوخۆدا بخشێننەوە، ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستاندا بەرقەرار بێت و ئەگەر حزبەکانی کوردستان دەیانەوێت ببنەوە بەبەشێك لە میللەت ئەوا دەبی بەوپەری هۆشیاریەوە پۆست و پلەوپایەی بەرپرسیاریەتی بدەنە ئەو خاوەن قەڵەمانەی کە بوونە هۆکاری رژاندنی خوێنی هەزاران رۆڵەی کوردستان، قەڵەمە رەشەکانی شەری ناوخۆ تاوانباری راستەقینەن، نەك ئەو پێشمەرگانەی کە لەمەیدانی شەردا براکانی خۆیان شەهید دەکرد. ئەمە پەیامێکە و لەسەرکەس پێویست نیە پابەندی بێت، بەڵام هەتا قەڵەمەکانی شەری ناوخۆ پلان و سیاسەتی ئەم کوردستانە دابرێژن چارەنووسی کورد هەر بە نادیار و هەڵواسراوی دەمێنێتەوە..

Mariwan_na@yahoo. com